**دەنگەکان** : **ژنان و کچانی پاش ماوەی ئەنفال لە پاش تێپەربوونی 19 ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا لە کوێی کۆمەڵگای کوردستاندا قەراریان گرتووە؟ گیرۆدەی چ کێشەیەکی یاسایی و کۆمەلآیەتین؟ توانیوویانە ئاسۆیەک بۆ سبەینێی خۆیان دیاری بکەن، یان هیشتا ئازار و گرفتەکانیان وەک خۆی ماوەتەوە و لەگەڵیاندا بەردەوامە؟ ئاخۆ ئەنفال لای ژن کورد بۆتە پرسیار و سەرچاوەیەکی ورووژێنەر؟ ئاخۆ جیاوازی خوێندنەوەی ژنی کورد چییە بۆ ئەنفال؟**

**ڕێکپۆش عەزیز** :



ئەم پرسیارەی تۆ وێرانەیەکی دژواری پانتایی ڕۆشنبیریی کوردیم دێنێتەوە یاد، بەتایبەتیش ژنان شتێ کە ئاوری جدیان لێ نەدابێتەوە مەسەلەی ژنانی ئەنفالە. ژنی کورد نەک هەر کێشەی ژنانی ئەنفال، بەڵکو هیچ شتێکی نەکردووە لەمەڕ پرسی ژن لە کوردستاندا. نازانم بۆ هیچ شتێک نییە ببێتە هۆی سەرچاوەیەکی وورووژێنەر بۆ کورد بەگشتی و ژنی کوردیش بەتایبەتی. ئێمەی کورد تەنیا بۆ ئەوە ئازاین کە هەموو مەسەلەکان بە ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ساڵ گرێبدەین. 3/16 بۆ هەڵەبجە و 14 /4 بۆ ئەنفال و 3/8 بۆ ژن و هێتد وە لە هەموو ڕۆژەکانی دی ساڵدا ئەم مەسەلانە نوقمی بێدەنگیەکی سامناکن، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی گوتاری نەتەوەی کورد. چونکە لەدوای کۆتایی هاتنی خەباتی شاخ لە ناو شاردا لە بری ئاور دانەوە لەم مەسەلە گرنگانەی وەک کارەساتی هەلەبجە و ئەنفال و سیاسەتەکانی تەعریب و تەبعیث، کەچی نوێنەرانی دەسەلآتی سیاسی کورد دەستیان کرد بە کاری بازرگانی و گیرفان پر کردن بە جۆرێک گەر خەڵکی بەش مەینەتی هەڵەبجە بە گژ ئەو ڕۆژەدا بچێتەوە و بڵێ ئێمە نامانەوێ لە ڕۆژێکی ساڵدا یادمان بکرێتەوە ئەوا ئەم بە گژدا چونەوەی ئەم خەلکە بەش مەینەتە پاساوی دەستی بێگانەی بۆ بهێنرێتەوە لەلایەن دەسەلآت دارانی ئەمرۆی کوردەوە. لە لایەکی تریشەوە ئاستی هۆشیاری ژنی کورد بە رادەیەکی وا نەگەشتووە کە بتوانێ خوێندنەوەی جیاواز بۆ کەرەساتی ئەنفال بکات.

من کاتێ لە کوردستان بووم سەردانی هەندێک لەو ئۆردوگایەنەم کردووە کە پاشماوەکانی ئەنفالی بە کولەمەرگی تیا دەژیان. بۆیە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی واقعی لە دۆخی ژنان دوای ئەنفالەکان ببینین، من لێرەدا هەناسەی ژنێکی ئەنفال دەنووسمەوە پاشانیش قسەیەک لەسەر ڕێکخراوەکانی ژنان و ئەم مەسەلەیە دەکەم.

شوێن: ئۆردوگای شۆڕش

ناو: فاتمە محەمەد ئەحمەد

- _چەند منداڵت هەیە؟
- _ شەش کچم هەیە و مێردەکەم ئەنفالە
- _بە چی دەژین؟
- _نازانم بە چی دەژین! ژیانی وا کەی ژیانە؟! ژیانێک کە تەنانەت جەژنانیش گۆشت نەبینیت، لە جەژنا منداڵت جل و بەرگی تازە نەبینێ ئیتر ڕۆح لە جێیەکی سەختایە، دەرناچێ ، ئینسان دەستی ناچێتە خۆی ئەگینا وەلآهی ئەوە ژیان نییە. چوار کچیانم تەمەنیان 22، 21،20، 23 ساڵەو دامن بە شوو، شووی چی لەبەر نەبوونی هەر یەکەیانم دایە دەست پیاوێک و بردوویەتی، ئێستا دوو کچم ماوە یەکێکیان لە پێنجی سەرەتاییە و ئەوی تریشیان بەهۆی نەبوونیەوە لە مەکتەب دەرم هێناوە.

- _ خانووی خۆتانە؟
- _نەخێر تاقە ژوورێکم بە کرێ گرتووە بە 35 دینار
- _ ئەی کرێ خانوو بەچێ دەدەیت؟
- _ ئەگەر بەهاران کنگر دەرچێ و هاوینانیش گسک دەرچێ ئەیهێنین ودەیفرۆشین، بەڵام توخوا بە کنگر و گسک ژیان دەچێت بە رێووە)[1]

ئەمە نموونەی سەدان ژنە لە پاشماوەکانی ئەنفال لە ئوردووگاکاندا. بەڵام رێکخراوەکانی ژنان کە ئەمرۆ نزیکەی 40 رێکخراوە نەک هەر ئاوریان ژنانی ئەنفال نەداوەتەوە بەڵکو ئەوانیش ئەو گیرفان پرکرنەی کە پیاوانی حزب سەریان پێوەی قاڵە بۆ رێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنانیش بەهەمان شیوەیە. ئەوە سکرتێری رێکخراوێکی ژنان بوو لەکاتی سەفەر کردنیدا بۆ هەندەران دوو ملیۆن دۆلاری پێ گیرا، ئایا ئەم برە پارەیە چارەسەری کێشەی ئابووری چەند ژنێکی ئەنفالی نەدەکرد؟ سکرتێری رێکخراوێکی تر بۆتە خاوەنی چەندین پارچە زەوی لەسەر حسابی کێشەی ژنی کورد، کە بە دوو ملیۆن مەزەندە دەکرێ، زۆربەی ئەندامانی رێکخراوەکانی ژنان/ ئافرەتان بوونەتە خاوەنی زەوی بە حکومی کار کردن بۆ مەسەلەی ژن، کە چی مەسەلەی ژنیش نەک هەر لە جێی خۆیەتی بەڵکو رۆژانە سەدان ژنمان سنگی بەر گولەی عەقڵی پیاو دەکەوێ. ئەمرۆ مەسەلەی ژنانی ئەنفال بۆتە مەسەلەی بازرگانی و پیاسە کردنی هەندەران بۆ هەندێ لەژنان، کە دڵنیام هەندێ لەو ژنانە باوەریان بە مەسەلەی ژنان نیە، من خۆم باش دەزانم یەکێک لەو ژنانە هەمان ژن بوو کە دەیویست ژنێکی ئاوارەی کەرکوک بە دوو منداڵەوە، کە لە کابینەیەکی شارەوانیدا دەژیا دەیوست بە زۆر وەدەری نێی و کابینەکە بفرۆشێ!! ئیتر من چۆن دەتوانم باوەر بکەم کە ئەو ژنە هەڵگری هەگبەی غەمی ژنانی ئەنفال بێت لە کوردستان؟؟ ئەو کارەی کە ئەمرۆ رێکخراوەکان شانازی پێوە دەکەن وەک دەورەی خەیاتی، درومان و نەهێشتنی نەخوێندەواری ئەمانە هیچی کار نین بۆ ژنان ئەمانە خۆدزینەوەن لە مەسەلە جەوهەریەکەی کار کردن بۆ ژنان، وەک ئاگادارم بودجەی رێکخراوێکی ژنان / ئافرەتان چل ملیۆنە، ئەمە بەرای من برە پارەیەکی زۆرە بۆ رێکخراوێکی کارتۆنی کە نەک کار ناکات بۆ ژنان بەڵکو رێگرێشە لەبەردەم بەرەو پێش چوونی مەسەلەی ژنان، 16 ساڵە ئازادیمان هەیە بەڵام نەک شانزە هەنگاو بەڵکو یەک هەنگاویش نەهاتوینەتە پێشەوە. بریاری 59 کە تایبەت بوو بەمەسەلەی کوشتنی ژنان بەناوی شەرەف پارێزی و 62ی سەرۆکایەتی هەرێم کە تایبەت بوو بو فرە ژنی هەردوو ئەم بریارە ئەوەتەی مام جەلال چۆتە بەغداد فەشەلیان هێنا لێرەدا من دەبێ دان بەو راستیە دا بنێم کە ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکان کە نەجیبە مەحمود کادرێکی چالاکی ئەم ناوەندە بوو بە هاوکاری هاوژین مەنمی کە پەیوەندی راستەو لەگەڵ مام جەلال هەبوو هاوڵی جدیان دا بۆ دەرکردنی ئەم دوو بریارە، بەهۆی هەندێ گۆرانکاری سیاسی لە دەسەڵاتی پیاواندا کاریگەری وای لێ کەوتەوە کە تەنانەت دوای ئەم گۆرانکاریانە ناوەندی هاوبەش هەڵوەشا، هاوژین بوو بە سەفیری عێراقی ئەو کات لە سوریا و ئێستاس لە لوبنان، مام جەلالیش بۆ بەغداد، ئەوانی تریش پەرەوازە بوون. لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا گرێدراوەی پیاوانی دەسەڵاتە ، لێرەدا ئەو وتەیەی سیمۆن دی بۆڤوارم دێتەوە یاد کە دەڵی " بەدرێژایی مێژووی بەشەریەت ، پیاوان مافێکیان بە ژنان نەداوە، مەگەر شتێ خۆیان ویستبێتیان بیدەن" لەبەر ئەوەی ئەوە لە ئیرادەی خودی ژنەوە نەهاتبوو یا با بڵێم زۆربەی ژنانی لەگەڵ نەبوو نەچووە ئاستی پراکتیزە کردنەوە هەر بۆیەش دوای نوسینەوەی دەستور لە کوردستان یەکێتی ئافرەتان لەبەر خاتری مەسولە چەند ژنەکانیان دەنگی خۆیان خستە پاڵ ئیسلامیەکان بۆ هەبوونی فرە ژنی لە کوردستان ، مانای چونکە پیاوانی سەرکردایەتی پارتی لەگەڵ دەرچونی ئەو دوو بریارەدا نەبوون ئێستاش یەکێتی ئافرەتان لەگەڵی نیە، بەڵام چونکە

[1] 2000/4/19 ژیانەوە ژمارە 62

سەرکردایەتی یەکێتی دژی ئەو بریارە بوو ئەمە وەک سونەت بۆ یەکێتی ژنانیشی ماوەتەوە دژی فرە ژنی و کوشتنی ژنان بە کورت دەمەویَ بلێم بزووتنەوەی ژن لە کوردستان تا سەر ئێسقان پیاوانیە و هەوڵی خنکاندنی مەسەلەی ژنی پیَ دەدریَ. دوا پرسیاریس ئەوەیە کاتیَ ژنان تا ئەو رادەیە وابەستەی عەقڵ و بۆچونی پیاو بن ئیتر چۆن دەتوانین خویندنەوەی جیاواز لەوان بکەین؟